www.kurdistannet.org
7-10-2006 7:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕووبەڕووبونەوە لە گەڵ دەسەڵات دڵسۆزیی یە بە گەل و وولآت. پارێزەر/رفعت هەڵەبجەیی

لەکاتێکدا نیشتمان دەبێتە تەراوگە بۆ هاووڵاتیانی خۆی.
لەکاتیکداچارەنووسی نەتەوەیەك دەخرێتە ناوگالیسکەیەکی شکاوەوە و دوو ئەسپە کوێرڕای دەکێشن.
لە کاتێکدا ژێرخانی ئابووری ووڵات لە لایەن دوو سەرۆك و بنەماڵەکانیانەوە بەهەدەردەبرێت ودەدزرێت.
لەکاتێکدادەسەڵاتی سیاسی وەکو کێڵگەیەکی مین بڤەیە دەستی بۆ بەریت.
لەکاتێکدا خێرو بێری نیشتمان لەلایەن دوو حوتەوە هەڵدەلوشرێ وکەسیش بۆی نیە بڵێ دەرامەتی ووڵات کوا؟چەندە؟ چی لێهات؟.
لەکاتێکدا گەندەڵی لە بۆگەن بۆگەنتردەبێت ودەسەڵات وورتەی لێوە نایێت.
لەکاتێکداقەیران لە دوای قەیران دووچاری ئەم گەلە دەنگ کپ کراوە دەبێت ودەبێت قەبووڵی بکەن ئەگینا بە تێکدەرودەستی دوژمن تۆمەتبار دەکرێن.لەکاتێکدا کۆمەڵگەی کوردی ڕۆژبەڕۆژ بەرەو دارمان ولێك ترازان دەچێت. ئەویش بەهۆی نەبوونی دەزگا ڕۆشنبیری وپەروەردەیەکانەوە. لەکاتێکدا کۆمەڵگەی کوردی لەکۆمەڵگایەکی بەرهەم هێنەوە دەبێتە کۆمەڵگایەکی بەکارهێن (المجتمع المستهلك)
لەکاتێکداکە ڕۆژبەڕۆژ بەرپرسەکانی کورد دۆسیەی جاسووسی و مخابەراتیان ئاشکرا دەبێت وسەرۆکەکانیشیان لە گوڵ کاڵتریان پێ ناڵێن
لەکاتێکداڕەوی لاوانی کورد بەلێشاوبەرەوهەندەران وا خەریکە کوردستان چۆڵ دەبێت وخاوەن بەهرەوبڕوانامەکان ووڵات بەجێ دەهێڵن
لە کاتێکداکەزیندانەکانی سلێمانی وهەولێروئاکرێ پڕ بوون لە گەنج و لاوی کورد هەر هەموویان لەسەرئازادی ڕادەربڕین ونەیار بوون بەدەسەڵات زیندانی کراون ودژوارترین ئازارو ئەشکەنجە دەدرێن.
لەکاتێکداجاش وئەنفالچی بەبەرچاوی کەس وکاری ئەنفالەکانەوە بێ منەت دەسوڕێنەوە. لەجیاتی ئەوەی تۆڵەی خوێنی شەهیدانیان لێ بکەنەوەو بە سزای گەل و نیشتمانیان بگەیەنن.کەچی کردونیان بە شەریکە دەسەڵاتی خۆیان ودیواخانیان بۆ دەرازێننەوە.
لەکاتێکدابۆشاییەکی دوورو درێژلەنێوان جەماوەرو دەسەڵاتدا هەیە.
لەکاتێکداکە دەسەلآت بەهیچ شێوەیەك نایەوێت ریفۆرم بکات وخۆی کەڕ کردووە بەرامبەربەداخوازیەکانی جەماوەروگوێ بیستی ئازاروئەندێشەکانیان نابێت. کەواتە مافێکی ڕەوای جەماوەرووەهەروەهائەرکێکی هەنووکەیی ونیشتمانیە کە ئەو دەسەڵاتە بگۆڕدرێ ودەسەڵاتێکی نوێ ودیموکراسیانە بێتە کایەوە کە مافی هاووڵاتیانی خۆی دابین بکات وگوێ بیستی داخوازیەکانیان بێت.
لە بەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە بەپێ ی هەمووبەرژەوەندیە نەتەوەیەکانی گەلەکەمان و هەروەها بۆ تیا نەچوونی ئەم ئەزموونە دەگمەنەی نەتەوەکەمان ئەرکێکی هەنووکەیی و نیشتمان پەروەرانەیە کە فشار بخرێتە سەر دەسەڵات کە چاك سازی بکات و سنورێك بۆ خۆ کەڕ کردن دابنێت بەرامبەربە داوا کاریەکانی جەماوەر بەپێچەوانەوە مافییێکی ڕەوای جەماوەرە کە ئەو دەسەڵاتە بگۆڕن وبە زۆر چاکسازی پێ بکەن...